# کورد و کوردستان لە گەشتنامەکەی بنیامین توتەیلیدا
# "لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە"

**ID No.93**

(PP 140 - 153)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.1.8

**شەرمین کەریم عەبدولرەحمان**

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Sharmen.abdulrahman@su.edu.krd

**وەگـــــرتن: 2021/09/14**

**پەسندکردن: 2021/11/30**

**بڵاوکردنەوە: 2022/02/25**

**پوختە**

بنیامین توتەیلی یەکێك بووە لە راهیبەکانی جوولەکە و ڕووی کردۆتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەمەبەستی گەشت کردن، لەو سەروبەندەشدا جیهانی ڕۆژهەڵات لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسیدا بووە، بەتایبەت گەشتەکەی هاوسەردەمی خەلیفە (المتقى لامر الله) (530-555ھ / 1136-1161م). گەشتەکەی کە زیاتر لە هەشت ساڵی خایاندووە، هەموو ئەو شتانەی لە ڕۆژهەڵات سەرنجی راکێشاوە لەلای خۆی تۆماری کردوون، هەر لە دیاری کردنی ڕێژەی جوولەکەکان و سەرکردەکانیان و بەشێکی دیکەشی لە باس کردنێکی جوگرافیای وەسفی درکی پێ دەکرێت. لەبارەی کورد و کوردستان هەندێک زانیاری سەبارەت بە هەندێک شاری کوردی ئاماژە پێکردووە بەتایبەت لە ڕووی ژمارەی جوولەکەکان و هەروەها جوگرافیای ناوچە کوردییەکان، ئەوەی جێگەی سەرنجە ناوبراو لە هەندێك شوێنی گەشتنامەکەیدا ئاماژەی بۆ هەندێك ڕووداوی ساڵانی پێش گەشتەکەی کردووە بەتایبەت لە شاری ئامێدی، بێگومان ئەو توێژینەوەیەش دابەش دەبێت بەسەر سێ باسدا کە هەریەکێکیش لەمان چەند لقێکی دیکەی لێ دەبێتەوە، لەسەرەتادا باس لە ژیانامەی ناو براو ڕێرەوی گەشتەکەی و هۆکار و ئامانجی لە گەشتەکەی خراوەتەڕوو، لە باسی دووەمدا ڕێباز و مێتۆدی توتەیلی لە نوسینی گەشتامەکەی ڕوون کراوەتەوە، کە ئەویش خۆی لە چەند لقێکدا بینیووەتەوە وەك دابەشکاری گەشتنامەکەی و میتۆدی نوسین و گرنگی و وەرگێرانەکانی کتێبەکەدا کراوەتەوە، لە باسی سێیەمیشدا جەخت لەسەر شارە کوردییەکانی ناو گەشتنامەکە هەڵوەستەی لەسەر کراوە، وەك شاری حەڕان و نەهاوەند و ئامێدی و هەمەدان و ...

**کلیلی وشەکان:** گەشتنامە ، کورد و کوردستان، یەهودی، ڕەئس جالوت.

## پێشەکی:

زۆرێك لەو کتێبانەی کە سوودی زۆریان بە مێژوو گەیاندووە گەشتنامەکانن، ئەوان بە پاڵپشیکارێکی گرنگ وەسف دەکرێن، چونکە زۆرجار هاتوون زانیاری ئەوتۆیان تۆمار کردووە، کە ڕەنگە بە دەگمەن نەبێت لە نێو سەرچاوە مێژووییەکانی دیکەدا دەستت نەکەوێت. بەتایبەت باس کردن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و نەتەوەیی و هتد. یەکێك لە گەشتنامە گرنگەکان کتێبەکەی بنیامین توتەیلیە کە خزمەتێکی زۆری بە مێژوو گەیاندووە. یەکێك لەو ناوچانەش کە خستویەتیە بەر دیدەمان شارە کوردی و کوردنشینەکان بووە. ناوبراو سیاسەتێکی تایبەتمەندی هەبووە بۆ نووسینەکەی ئەویش دیاری کردنی ڕێژەیەکی دیاری ئایینی ئەوکاتەی ناو دەوڵەتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات بە گشتی بووە، بۆیە بە پێویست زانرا کە وەکو یەکێك لە گەشتنامەکان شیکار بکرێت و جارێکی دیکە سوود بگەیەنین بە مێژووی کورد و کوردستان، بۆیە ئەم گەشتنامەیە بەدەر لە گەشتنامەکانی دیکە زانیاری جیاوازتر تێدایە کە ڕەنگە زۆر بە دگمەن نەبێت لە نێو سەرچاوەکانی دیکەدا ئەمەت وەگیر نەکەوێ، ناوبراو لەبەر ئەوەی خۆی جولەکە بووە زیاتر جەختی لەسەر جولەکەکان کردۆتەوە، لێرەدا ئەوەی ڕوونە هەندێك توێژینەوە لەسەر کتێبەکەی بنیامین کراوە بۆ نموونە (یهود مصر من خلال رحلة بنيامين تطيلى)، (يهود المشرق من خلال رحلة بنيامين)، بۆیە ئامانجی ئێمەش لەو کارەدا زۆر بە پێویست زانرا کە دیاری بکەین ئەو چۆن وەسفی ناوچەکانی کوردستانی کردووە و هاوکات بزانین ڕێژەی یەهودیەکانی ئەو کاتە چەند بووە لەو ناوچانەی پێدا تێپەڕیووە، هەروەك ئەوەی جێگەی تێبینیە هەندێك ڕووداوی گێڕاوەتەوە کە لە یەکێك لە شارە کوردیەکانی ئەو کاتە سەریهەڵداوە بەتایبەت لە شاری ئامێدی کە جگە لەو گەشتنامەیە لەوانی دیکە باس نەکراون. بێگومان هیچ توێژینەوەیەك بێ گرفت نابێت بەتایبەت لەوەی کە زانیاریەکی ئەوتۆمان نەکەوتە بەردەست لەبارەی ژیاننامەکەی و هۆکاری گەشتەکەی. بگرە چەندین

گریمانەمان بە گوێرەی نوسینەکەی بۆ کردووە، سەبارەت بە پێکهاتەی ئەو توێژینەیە ئەوا دابەش کراوە بەسەر سێ باسدا لەوانە لە باسی یەکەم: باسی ژیانامەی توتەیلی و هۆکار و ڕێرەوی گەشتەکەی باس کراوە و لە باسی دووەمدا باس لە ڕێباز میتۆدی ناوبراو کراوە بێجگە لەمەش باس لە دابەشکاری و میتۆدی نوسین و گرنگی و وەرگێرانەکانی کتێبەکەدا کراوەتەوە، لە ژمارە سێیەمیشدا جەخت لەسەر شارە کوردیەکانی ناو گەشتنامەکە کراوەتەوە، وەك شاری حەڕان و نەهاوەند و ئامێدی و هەمەدان و نسیبین و جەزیرەی ئیبن عومەر.

**1. ژیاننامەی بنیامین توتەیلی:**

ناوی بنیامینی کوری یونەی توتەیلی[1] نەباری[2] ئەندەلوسی[3] ، ئەو ڕاهیبێکی جوولەکە بووە، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین گەشتیارە جوولەکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە وڵاتی ئەندەلوس (الزعفرانی، 2000، ص ص 67-68) و لە شاری توتەیلی لە دایك بووەو ساڵی لەدایك بوونیشی نادیارە (ADLER, 1930, p. 38)، هەر ناوی شارەکەشی وەکو پاشگرو نازناوێك بۆ خۆی دیاری کردووە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە سەرچاوەکان زۆر بە کورتی نەبێت باسی ژیاننامەی بنیامین توتەیلی ناکەن، بەڵکو ئەوەی جەختی لەسەر کراوەتەوە ئەوەیە کە ناوبراو ڕاهیبێکی جوولەکە بووە لە ناوچەی لە دایك بوونی خۆی کە شاری توتەیلی بووە ڕووەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات گەشتی کردووە.

ناوبراو لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا کە بەزمانی عیبری نوسیویەتی باسی ژیاننامەی خۆی ناکات. هاوکات سەرچاوە هاوسەردەمەکانیش باسی ناکەن، تەنانەت ئەو زانیاریانەش کە بەردەستن لە بارەیەوە لە پێشەکی گەشتنامەی نوسەرێکی نادیارەوە وەرگیراوە (حسن، 2014، ص 39)، بۆیە زانیاریەکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو لەبەردەستدا نیە، بێگومان ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی بووە بۆ ئەو کاتە چونکە زۆرینەی گەشتیارەکان باس لە ژیاننامەی خۆیان ناکەن، بگرە زیاتر جەختیان لەسەر ڕێرەوی گەشتەکەیان و ئەو ناوچانە کردۆتەوە کە پێیدا تێپەڕیوون، ئەوەی ڕوونە ماوەی گەشتەکەی ناوبراو هەشت ساڵی خایاندووە لە (561-569ك/1165-1173ز)[4] (محمودي، 2016، ص 168).

کەچی ئەوەی جەختی لەسەر کراوەتەوە ئەوا لە ساڵی (561ك/1165ز) دەستی بە گەشتەکەی کردووە و لە ساڵی (568-569ك/1172-1173ز) گەڕاوەتەوە ئەندەلوس (مولا، 2009، ص 793)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی جێگەی تێبینیە لە سەردەمی ئەودا بارودۆخی جولەکەکان لەو پەڕی خراپی دابووە بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئەو شارە لەلایەن ئیسپانیە مەسیحیەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا (خلدون، ج4، ص 163)[5]، هەرچی دەربارەی ئامانج و هۆکاری گەشتەکەیەتی ئەویش خۆی ڕوونی نەکردۆتەوە، بەڵام لەلایەن توێژەرانەوە هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ کراوە بەهۆی جەخت کردنەوە لەسەر شێوازی نووسینی کتێبەکەی.

**یەکەم/ هۆکاری گەشتەکەی:**

ئەوەی جێگەی بایەخە کە بنیامین لە هیچ شوێنێکی گەشتنامەکەیدا جەختی لەسەر هۆکاری گەشتەکەی نەکردۆتەوە، بەدەر لەمەش لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەکەشی هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکەی لەبارەی هۆکار و پاڵنەری گەشتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو کەسێکی ئایینی بووە و پێگەی هەبووە لە نێو پلەکانی ئایینی جوولەکەدا، کەچی دەربارەی ژیانیشی زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە چ جای بگات بە دیاری کردنی هۆکار و پاڵنەری گەشتەکەی، لەبەر ئەوە توێژەرەکان بۆچونی جیاوازیان هەیە بەتایبەت بەتایبەت توێژەر بەدەوی جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بازرگان بووە (2014، ص 402)، ڕەنگە گریمانەیەکی دیکەش ئەوە بێت کە بریتیە لە پاڵنەری کەسی و تایبەتی، چونکە لەساڵی 405ك/1014ز شاری تولەیتولە کەوتۆتە دەست ئیسپانیە مەسیحیەکان، وادیارە بارودۆخی ژیان لەو شارەدا زۆر زەحمەت بووە بەهۆی گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی وڵات، ڕەنگە ئەو گریمانەیە نزیك بێت بۆ گەشتەکەی بنیامین تاوەکو هەنگاو بنێت بەرەو ڕۆژهەڵات و بارودۆخی هەمەچەشنە و گشتی جوولەکەکان بزانێت لە جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات بە گشتی. بێگومان لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەکەی و هەڵسەنگاندنی شێوازی نووسینەکەیەوە دەردەکەوێت کە بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشتبێت ئەوا گرنگی زۆری داوە بە ڕێژە و بارودۆخی گشتی جوولەکەکانی ئەو شار و ناوچانە.

لەگەڵ ئەوەی سێ هۆکاری سەرەکی بۆ گەشتنامەی گەشتیارەکان دیاری دەکرێت بەوەی چەند هۆکارێك لە پشتی گەشتەکانیان بووە، لەوانەیە یەکەم: بە هۆکاری سیاسی ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بارودۆخی سیاسی گۆڕاوە و دەسەڵاتی سیاسی کەوتۆتە دەست مەسیحیەکان بۆیە ئەوانیش ناچار بوون گەشت بکەن بەرە و ڕۆژهەڵات. هەروەها هۆکاری دووەم: هۆکاری ئایینی ئەویش لەبەر گەشت کردن بۆ سەفەری حەج بووە. سەرباری ئەوانەش هۆکارێکی دیکەش دیاری کراوە ئەویش هۆکاری ئابووری بووە لەبەر

ئەوەی بنەما ئابوریەكان لەلایەن كریستیانەكانەوە قۆرغ كرابوو و ڕێگەیان پێ نەدەدرا كە كاری كشتوكاڵی بكەن، بۆیە ئەوانیش پەنایان بردۆتە بەر بازرگانی و گەشتیان بۆ ڕۆهەڵات كردووە (محمودي، 2016، ص 168).

دەكرێت چەند وەڵامێك بۆ ئەمانە دیاری بكەین چونكە ئەو هۆكارانە بەتەواوی لەگەڵ گەشتنامەكەی ئەودا ناگونجێن، لەبەر ئەوەی ئەگەر هۆكاری گەشتەكەی سیاسی بوو بێت و لە دەستی دەسەڵاتی سیاسی ئەو كاتە ڕای كردبێت بۆچی لە كۆتا ڕێرەوی گەشتەكەی دووبارە گەڕاوەتەوە بەرەو هەمان ئەو شوێنەی كە لێیەوە دەستی پێكرد، لەلایەكی دیكەوە ئەگەر مەبەستی حەج كردن بوو بێت بۆ گەشتەكەی بێگومان پێویستی بەو هەموو ڕێگا بڕینە نەدەكرد. بە پێی ئاراستەی گەشتەكەی بەدیار دەكەوێت ئەویش بێت بۆ ئەوروپا و پاشان بۆ ڕۆژهەلآتی دوور تاوەكو هیند و چین بڕوات و دواتر بگەڕێتەوە بۆ (بيت المقدس)، لەگەڵ ئەوشدا وەصف و باسێكی ئەوتۆی ئەو شارەی نەكردووە كە جیاوازتر بێت لە هەرێم و شار و ناوچەكانی دیكە.

هەرچی سەبارەت بە هۆكاری سێیەمە ئەوا ئەگەر ئامانجی بازرگانی بووبێت ئەوا بۆ لە هیچ شوێنێكی كتێبەكەی ئاماژەیەكی بۆ نەكردووە كە دركی پێ بكرێت ئامانجی ئەوە بووە، بەڵام ڕەنگە ئەو هۆكارە نزیكتر بوو بێت وەك ئەوەی دەوترێت كە بازرگانی بەردە بە نرخەكان بووە بە بەڵگەی ئەوەی لە چەند شوێنێك لە كتێبەكەیدا گرنگی بەو بابەتە داوە ( Roth, 2001, p.364)، بەڵام لە ڕاستیدا لە دوای بەدواداچوون و سەروكار كردنی كتێبەكە بۆمان دەركەوت تەنها لە یەك شوێن باسی مەرجانی كردووە كە لە ناوچەی بالرمۆدا هەبووە (تطيلى، 2002، ص 361). لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت هۆكارێكی دیكەشی بخەینە پاڵی ئەویش بەدەستهێنانی زانست و زانیاری بوو بێت لەبارەی جوولەكەكانەوە (براور و پاتاى، 2002، ص 32)، چونكە بە پێی خوێندنەوەی گەشتنامەكەی دەردەكەوێت كە چەندە گرنگی بە بارودۆخی جوولەكەكان و سەركردە ئایینیەكانیان و دیاری كردنی پێگەی جوولەكەكان و بارودۆخی ئابووری و ئاوەدانی ناوچەكان و ژمارە و ڕێژەی جوولەكەكانی خستۆتەڕوو.

**دووەم/ ڕێڕەوی گەشتەكەی:**

بێگومان كاتێك گەشتنامەكە دەخوێنیتەوە، دەگەیتە ئەوەی كە بتوانی ڕێڕەوی گەشتەكەی دیاری بكەیت، كاتێك سەرەتای گەشتەكەی دەست پێكردووە لە شاری تولەیتولەی ئیسپانی ڕووەو ناوچەكانی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی ئەوروپاوە، دواتر هاتۆتە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، تەنانەت چۆتە پایتەختەكەشی شاری قوستەنتینیە. پاشان لە ڕێگەی باشوورەوە ڕووەو و خاكی موسڵمانان هاتووە تاوەكو گەیشتۆتە شاری ئەنتاكیە، دواتر سەردانی شامی كردووە بە تایبەت شاری سەیدا دواتر هاتۆتە شارەكانی فەلەستین بەتایبەت شاری (بيت المقدس)، لەوێشەوە هاتۆتە خاكی دیمەشق  و حەلەب و رەقە و لەوێشەوە چۆتە موسڵ. دواتر گەیشتۆتە بەغداد كە ئەو كاتە لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی دا بووە، پاشان سەردانی كوفە و بەسرە و ئنجا خوزستان و نەهاوەند، لەوێشەوە بۆ هەمەدان و تەبرستان وسەمەرقەند لە وڵاتی ئەودیو ڕووبار، لەگەڵ ئەمانەشدا ئاراستەی گەشتەكەی ڕووەو  نیسابوور بووە، بەدەر لەمانەش سەردانی خاكی چین و هیندی كردووە، پاشان بە ئاراستەی دەوڵەتی ئیسلامی گەڕاوەتەوە بۆ باشووری نیمچە دورگەی عەرەبی لە ڕێگەی كەنداوی عەدەنەوە، سەرباری ئەمانەش سەردانی خاكی میسری كردووە بەتایبەت لە شارە دیارەكانی وەكو ئەسكەندەریە، پاشان لە ڕێگەی میسرەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا دواتر بۆ دورگەی سەقلیە لەوێشەوە بۆ ئەندەلوس و ئیسپانیا گەڕاوەتەوە.

**2. ڕێباز و میتۆدی نوسینی گەشتنامەكە:**

**یەكەم/  دابەشكاری گەشتنامەكە**:

ئەگەر سەیرێكی كتێبەكە بكەین ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە بەپێی ئاراستەی ئەو ناوچانەی كە گەشتی بۆ كردووە دابەشی كردووە واتە چۆتە هەر هەرێمێكەوە باسی ئەو هەرێمە و ئەو شارانەشی كردووە كە خۆی سەردانی كردووە، بۆیە شێوازی دابەشكاریەكەی بەتەواوی جیاوازە لە گەشتنامەكانی دیكە بەتایبەت ئەوان هاتوون جیهانیان دابەشی سەر حەوت هەرێم كردووە و شارەكانی نێو ئەو هەرێمانەشیان دابەش كردووە، یاخود بە شێوەی پیتەكان ناوی شارەكانیان بەدوای یەكتردا ریز كردووە، بەڵام ئەو لە كتێبەكەیدا هیچ یەكێك لەمانەی پەیرەو نەكردووە.

**دووەم/ میتۆدی لە نوسین:**

سەبارەت بە میتۆدەكەی ئەوەی دەردەكەێت جوگرافیای وەسفی بەسەریدا زاڵە بۆنموونە لە ناوهێنانی زۆرێك شار و ناوچەیەك بەپێی تەورات ناوەكەی دەستنیشان دەكات بەوەی سەرەتا ناوی شارەكەی نوسیووە و ئاماژەشی بەوە داوە كە ئەو شارە لە تەورات بەو شێوەیە ناوی هاتووە(تطيلي, 2002, ص ص 69، 89، 90،....)، هەروەها لە ناوهێنانی هەندێك شاردا ئاماژەی بەوە داوە كە نەسرانیەكان بەو شێوازە ناویان بردووە (تطيلى، 2002، ص ص 104،105.....)، بەدەر لەمانەش هەڵكەوتەی شارەكانی دیاری كردووە و تیشكی خستە سەر لایەنی ئابووری كە بەشێك لە شارەكان وەك شاری بازرگانی ناو دەبات(تطيلى، 2002، ص ص 178،289،

347.....)، تەنانەت لە هەندێك شوێن باسی بارودۆخی كۆمەڵایەتیشی كردووە(تطیلی، 2002، ص ص 86،94، 105.....)، ئەگەر چی جەختی لەسەر لایەنەكانی دیكەش كردۆتەوە بەتایبەت لە دیاری كردنی سەركردایەتی شارەكە لەلایەك و لەلایەكی دیكەشەوە باسی رێژەی یەهودیەكانی شارەكانی كردووە(تطیلی، 2002، ص ص 71،75، 188.....)، لەگەڵ ئەوەش دا لە هەندێك لە شارەكان تەنها ناوی شارەكە و ژمارەی جوولەكەكانی دیار كردووە(تطیلی، 2002، ص ص 324، ٣٨٧.....).

**سێیەم/ گرنگی كتێبەكەی و وەرگێرانەكانی:**

سەبارەت بە گرنگی كتێبەكەی ئەوەی دیارە بە یەكێك لە دانسقەترین كتێبەكان دادەنرێت، لە دیاریكردنی ڕێژەی جولەكەكانی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات بە گشتی بۆ ئەو كات و سەردەمە، بەتایبەت بۆ كوردیش لە نێو كتێبەكەیدا جیگەی هەندێك لە شارە كوردییەكانی كردۆتەوە، یەكێك لە پێكهاتەكانی ئەو سەردەمەی بەتەواوی لەناوچە كوردییەكان دیاری كردووە. كەواتە ئەوەی جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەر كردنە كە یەكێك لەو كتێبانەی كە باسی ناوچەكانی كوردستانی كردووە و ماوە و دوری ناوچەكانیشی لەیەكتر و هەروەها سەركردە و رێژەی یەهودیەكانشی دیاری كردووە.

لەبارەی وەرگێرانەكانی كیتێبەكە ئەوا لەسەرەتادا لەلایەن نوسەر بە زمانی عیبری نووسراوە، كە لە لایەن چاپخانەی سونسینۆ لە قوستەنتینیە لە ساڵی (949ك/ 1543ز) ئەم كتێبە چاپكراوە، دوای ئەوە ەرگێردراوتەوە سەر زمانی لاتینی، لە چارەگی سێیەمی سەدەی (10ك/ 16ز) وەرگێڕدراوە بۆ زۆرێك لە زمانە ئەوروپاییەكان، لەوانە ئیتاڵی و ئەڵمانی و لاتینی و ئینگلیزی و رووسی و فەرەنسی و ئیسپانی و توركی (David, 2013, p. 15)، بۆ یەكەم جار لە ساڵی (1945ز) لە لایەن ئەدیب (عەزرا حەدادی یەهودی) لە عیبریەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە، لە چاپخانەی ئەلشەرق لە بەغداد چاپكراوە.

**3. شارەكانی كوردستان لە گەشتنامەكەی بنیامیندا:**

**یەكەم/ شاری حەڕان (حران)[6]:** ئەم شارە لە تەوراتیشدا بە حەڕان ناوی هاتووە، بەڵام هەروەك (ابن خرداذبة) باس لەوە دەكات كە شارەكە ناوی بە (هالینوبلس) هاتووە بە زمانی ڕۆمانی (1989، ص 73)، لە باسی ئەو شارەدا نووسەر ئاماژەی بەوە داوە كە شارێكە زۆر بەهێز و پتە و بنیاد نراوە، تەنانەت (الحمیری، 1990، ص 198 ) هەمان باسی پشتراست كردۆتەوە، هەروەها بیست جوولەكەی تێدا ژیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا (حوقل، 1938 ،ج1 ، ص 228) باسی لەوە كردووە كە ئەو شارە شاری سابیئەكان بووە، بەڵام بنیامین هیچ باسی موسڵمان و كەمە ئایینیەكانی دیكەی ئەو شارەی نەكردووە، هەروەك باسی لەوە كردووە كە كەنیسەیەكی كۆن لەو شارەدا هەبووە گوایە لەلایەن عەزرای كاتبە[7]وە بنیاد نراوە، هەروەها باسی لەوە كردووە كە لە نێو شارەكەدا شوێنێك هەیە دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی تارح كە باوكی ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) بووە، هەروەها (الادریسی، 1988، ج2،ص 664) باسی لەوە كردووە كە شوێنی نوێژەكانیان لەسەر گردێك بووە، كە بە پیرۆز سەیر كراوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت)، كە ڕەنگە بنیامینیش مەبەستی لە هەمان شوێن بوو بێت، تەنانەت ئەوەشی ڕوون كردۆتەوە موسڵمانەكانیش ڕوو دەكەنە ئەو شوێنە و نوێژی تێدا دەكەن (تطیلی، 1945، ص 124) .

**دووەم/ شاری سەرێكانی (رأس العین)[8]:** لە باسی شاری سەرێكانی ئاماژەی بەوە داوە كە ئەو شاری (حابور)ە كە لە تەوراتدا هاتووە، ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت لە تەورات ناوی شاری سەرێكانی بە حابور هاتبێت، یاخود هەر مەبەستی خابوور بێت كە خۆی باسی لەوە كردووە ئەو شارە لەسەر رووباری خابوور هەڵكەوتووە بەلام لەبەرگرەوەی كتێبەكە ئەو نوقتەیەی دانەنابێت، دوای ئەوە باسی هەڵكەوتەی شارەكەی كردووە كە لەسەر رووباری خابوور هەڵكەوتووە، كە لە وڵاتی مادی (وڵاتی ئێرانی ئێستا) دێت دوای ئەوەی لەگەڵ رووباری غەزوان (سفید رود لە باكوری ئێران) تێكەڵ دەبێت، خۆی لەراستیدا باسی ئەو رووبارە تەنیا لەلای بنیامین بەو جۆرە هاتووە، بەبەراورد لەگەڵ زۆربەی سەرچاوەكانی دیكەدا، چونكە ئەوان وای دەردەخەن كە ڕووباری خابوور لە شاری سەرێكانیەوە سەرهەڵدەدا. تەنانەت (ابن عبدالحق) ئاماژەی بەوە داوە كە بۆیە ناو لەو شارە نراوە سەرێكانی چونكە سەرچاوەی هەڵقوڵانی ئاوی خابوورە (1991، ج2، ص 583).

لە لایەكی دیكەشەوە ئەو شارە نزیكەی سێ سەد سەرچاوەی ئاوی هەبووە كە دواتر رووباری خابووری لێ دروست بووە (الادریسی، 1988، ج2، ص 661)، تەنانەت لەو شارەدا هێندە ئاو زۆر بووە بۆتە هۆكارێك كە باخ و باخات یەكجار زۆر بیت و شارێكی دڵرفێن بێت (الحمیری، 1980،ص 264)، تیایدا نزیكەی دوو سەد جوولەكە هەیە (تطیلی، 1945، ص 125)، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی میر ئەبی عەلی كوری مەروان (380-387ك/ 990-997ز ) سەركردەیەكی جوولەكە بەناوی ئیبن شلیتا دەسەڵاتی وەرگرتووە و خزمەتی ئەو ناوچەیەی كردووە بەوەی كەناڵێكی ئاوی هەڵكەندووە لە سەرێكانی بۆ شاری میافارقین كە خەڵكەكە بەمەبەستی جۆراوجۆر سودیان لێ بینیووە (الفارقی، 1974، ص ص 164- 165/ عدو، 2011، ص 160 ) .

**سێیەم/ شاری نسێبین (نصيبين)**[9]: ئەم شارە شارێکی ئاوەدانە و سەرچاوەی ئاوی زۆری تێدایە (الحموی،ج 5، ص 288)، هەروەها شارێکی مامناوەند بووە لەڕووی ئاواکارییەوە ، یەکێك لەو ڕووبارە گەورانەی لەو شارەدا هەبووە ڕووباری هورماس بووە، کە پردێکی بەردینی لەسەر دروست کراوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانیەکان ( جبیر، 2014، ص 192)، تەنانەت (المقدسی) بە پاکتر و بچوکتر و خۆشتر و دڵرفێتر لە شاری موسل وەسفی کردووە (1991، ص 140 )، هاوکات شارەکە شورایەکی بەهێزی هەبووە و خاوەنی چەندین بازاڕ بووە و بازرگانی تێدا کراوە (الحمیری، 1990، ص 577)، هەروەها ئەو شارە سەرە ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانی نێوان موسڵ و شام بووە ( عبدالحق، 1991 ، ج3، ص 1374) و نزیکی دوو ڕۆژە ڕێ لەگەڵ شاری سەرێکانی نێوانیانە، هەروەها بە سێ هەنگاویش دیاری کراوە (حوقل، 1938،ج1 ، ص 220) نزیکەی هەزار جوولەکە لە شارەکەدا هەیە، دوای پیادە ڕەوی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەگەی بە شاری جەزیرەی ئین عومەر (تطیلی، 1945، ص 125).

**چوارەم/ شاری جەزیرەی ئیبن عومەر (جزيرة ابن عمر):** ئەم شارە لەسەر ڕووباری دیجلە و لەسەر چیای ئەرارات هەڵکەوتووە(تطیلی، 1945، ص 126)، لێرەدا توتەیلی لە دەست نیشان کردنی هەڵکەوتەی شارەکە لەسەر چیای ئەرارات کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە ئەو شارە یەکێك بووە لە شارە بچووکەکانی هەرێمی جەزیرە لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەدا هەڵکەوتووە (الاصطخری،2004، ص78)، هەرچەندە بە شارێکی گەورە ناوی براوە(المقدسي، 1991، ص139)، کە چوار میل دوورە لەو شوێنەی کە کەشتیەکەی نوح لەسەریدا لەنگەری گرت (تطیلی، 1945، ص 126؛ جلو، 2017، ص 53)، زۆرینەی سەرچاوەکان ئەو شوێنەیان بە چیای جودی دیاری کردووە تەنانەت باسی گوندی هەشتایەمینیشی لەگەڵ باس دەکەن کە گوایە هەشتا کەس بوون لەگەڵ پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لێ بێت) هەر ئەوانیش ئەو گوندەیان دروست کردووە (الحموي، 1995، ج2، ص ص 84 ، 138). هەروەها باس لەوە کراوە ئەو شارە زۆر بە پیت و بەرەکەت بووە و باخ و باخاتی زۆر بووە ( عبدالحق، 1991 ، ج3، ص 333؛ بطوطة، 2012، ج1، ص 181) هەروەك خەلیفەی موسڵمانان عومەری کوری خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) لەو شوێنەدا مزگەوتێکی دروست کردووە بۆ موسڵمانەکان، هەوەرها لە نزیك ئەو مزگەوتە کڵێسایەکی جوولەکە لە نەوەکانی عەزرای کاتب (سەلامی خوای لێ بێت) هەیە، کە جوولەکەکان حەج و نوێژی تێدا دەکەن لە بۆنە و جەژنەکاندا، نزیکەی چوار هەزار جوولەکە لەو شارەدا هەیە، لەدووری دوو ڕۆژە ڕێدا شاری موسڵ هەڵکەوتووە (تطیلی، 1945، ص 126).

**پێنجەم/ شاری موسڵ (موصل) :** ئەمە ناوچەی ئاشووری گەورەیە کە لە تەوراتدا هاتووە(تطیلی، 1945، ص 127)، دەوترێت ئەو شارە بەر لە هاتنی عەرەبەکانیش هەبووە ناوی خولان بووە، بەڵام کاتێك عەرەبەکان هاتوون ئاوەدانیان کردۆتەوە و ناویان گۆڕیوە بۆ موسڵ(المقدسی، 1991، ص 138 )، تەنانەت وتراوە کە ئەو شارە خاڵی بەیەك گەیاندنی عیراق و جەزیرە بووە. بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە ( الحموی، 1995، ج5، ص 223)، نزیکەی حەوت سەد جوولەکە لەو شارەدا هەبووە، لە دیارترینیان سەرکردە زەکای[10] بووە کە لە بنەماڵەی پاشا دوادور بووە، هەروەها یوسف ناوێك هەبووە کە ناسراو بووە بە بەڵگەی گەردوون، کە لە ناوچەی سەیفەدین کوری برای نورەدینی[11] سوڵتانی شام بووە (تطیلی، 1945، ص 127).

ئەو جار دێتە سەر باس و خواسی شارەکەو بەو جۆرە وەسفی دەکات بەوەی کە ئەو شارە شارێکی گەورە و فراوان بووە، لە کۆندا بنیاد نراو بووە(تطیلی، 1945، ص 127)، لەلایەن محەمەد کوری مەروانی کوری حەکەم برای (عبدالملك بن مروان) (65- 86ك / 684-705ز) (المنجم، 1987،ص 63) لە هاوسنووری وڵاتی عەجەم بووە، هەروەها ئەو شارە بە سەرنجراکێش و خاوەن ئاووهەوایەکی خۆش و مام ناوەند ناسراوە، تەنانەت ئاماژە بەوە دراوە کە بازار و باخ و باخات و گەرماوی زۆر بووە (المقدسی، 1991، ص 138 )، لە ناوەڕاستەوە ڕووباری دیجلە دوو لەتی دەکات و لەگەڵ شاری نەینەوا پردێك بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، هەروەك خۆی باسی لەوە کردووە کە نەینەوا لەو ڕۆژگارەدا بۆتە شوێنی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گوند و گوندۆکەکانی دەوروبەری (تطیلی، 1945، ص 127).

لە دووری چوار فەرسەخ قەڵای کۆنی هەولێر [12]هەڵکەتووە، هەروەك لەو شارەدا کەنیسەیەکی عوبەیدی بنیاد نراوە کە لە کاری نەوەکانی پێغەمبەر یونەی کوری ئەمتای بووە، هەروەها کەنیسەیەکی دیکەش بە ناوی ناحوم ئالقوشی[13] بووە، هاوکات شاری ڕەحبەشی سێ ڕۆژە رێ لێیەوە دوورە (تطیلی، 1945، ص 127) ، هەورەها ئارامگەی پێغەمبەر جەرجیس (سەلامی خوای لێبێت) لەو شارەدا هەبووە (عبدالحق، 1991، ج3، ص 133) .

**شەشەم/ شاری نەهاوەند:** لەباسی ئەو شارەدا، تەنها ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو شارە کەوتۆتە سەر خاکی ملاحیدە[14](ارض ملاحدة). وا دیارە هەڵکەوتەی شاری نەهاوەند و هەمەدان و بروجەرد کەوتونەتە سەر درێژکراوەی چیای قوهستان، کە لەو سەروبەندەشدا ئەو چیایە لە ژێر دەستی گروپی (ملاحیدة) یاخود (باطنی)یەکان [15]دابووە ( الحموی، 1995 ج4، ص 416)، لەباسی

ئەوشارەدا توتەیلی هیچ ئاماژەیەکی بۆ هەڵکەتەی شارەکە و ناساندنی نەکردووە، ناوی ئەم شارە لە ناوی یەکێك لە کوڕەکانی نوح(علیە سلام) وەرگیراوە، بەناوی نوح ئاوەند دواتر گۆڕاوە بۆ نەهاوەند، هەروەها ئێوانیان لەگەڵ شاری هەمەدان چوار فەرسەخ بووە، هاوکات شارەکە شارێکی زۆر خۆش پڕ لە باخ و باخات و میوەی جۆراوجۆر بووە. (المهلبی ، ص 148؛ الادریسی، 1988، ج1، ص 676)، ئەگەر چی باسی ئەو شارە لە دانە وەرگێڕدراوەکەی گەشتنامەکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ناوی نەهاتووە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ لەبەرگتنەوەی کتێبەکە بگەڕێتەوە..

**حەوتەم/ شاری حەلوان**[16]: لە راستیدا ئەوەی سەبارەت بە شاری حەلوان نوسراوە ئەوا لەو دانەیەی گەشتنامەکە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی ئەوا ناوی ئەو شارە نەهاتووە، بەڵام لەو دانەی کە وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی باسی ئەو شارە دەکات بەوەی کە لە دوای دوو رۆژە ڕێ دەگەی بە ڕووباری حەلوان، کە لە نزیك ئەویشەوە نزیکەی چوار هەزار دانیشتووی جولەکە دەبینیت، پاش چوار رۆژە ڕێ دەگەیت بە مولاحیدەکان (تطیلی، 1945، ص 154؛ Tudela, 1965, p.120).

**هەشتەم/ شاری ئامێدی (العمادیة)**[17]: لە باسی شاری ئامێدی نوسەر باسی لەوە کردووە کە ئەو شارە نزیکەی بیست و پێنج هەزار جوولەکەی تێدا ژیاوە، کە چەند کۆمەڵەیەك بوون، لە زیاتر لە سەد ناوچە بڵاوبووبونەوە لەوانە چیای خوفتیان[18] کە هاوسنوری وڵاتی مادە(ئێرانی ئیستا) و جوولەکەکانی ئەوێ لە پاشماوەی ئەو جولەکانەن کە لە لایەن شەلمناسەری[19] پاشای ئاشوریەکان بەدیل گیران، ئەمانە بە شێوەزاری تەرجوم[20] لەیەکدەگەن، لە نێوانیشیاندا ژمارەیەك زانای گەورە هەن (تطیلی، 1945، ص 154).

هاوکات باسی هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو شارەی کردووە بەوەی کە لە دووری یەك رۆژە ڕێ دەگەی بە سنووری خاکی عەجەم، جوولەکەکانی ئەوێش هاوشێوەی تەواوی جووەکانی نیشتەجێی وڵاتی ئیسلامی باج بە موسڵمانەکان دەدەن. هەروەها (الماوردی)، بەتەواى زانیاری لەبارەی وەرگرتنی باج لە ئەهلی کیتاب ڕوون کردۆتەوە ( 2006، ص ص 222-224) ، و پێوانەکەشی یەك دیناری زێری میریە[21]، کە یەکسانە بە مورابتیەك وسێیەکی  مورابتیەکی زێر [22] ، بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان گەیشتبووە سەرووی پانزە ساڵی (تطیلی، 1945، ص 154).

هاوکات ڕووداوێکی مێژوویی شاری ئامێدی دەگێڕێتەوە بەوەی ئەو شارە بەر لە دە ساڵ توشی ڕووداوێك بۆتەوە ئەویش ئاشوبی داودی کوری رۆحی بووە، ناوبراو لە بەغداد خوێندوویەتی دەربارەی رەئس جالوت[23] ، توانیویەتی تەورات و فیقە و تلمود[24] و تەواوی زانستەکانی تر بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات، لەگەڵ ئەوانەشدا شارەزایەکی زۆر باشی هەبووە لە زمان و وێژەی موسڵمانان، حەزی بە هونەرەکانی سیحر و جادوو کردووە (تطیلی، 1945، ص 155).

داود هەڵگەرانەوەی خۆی ڕاگەیاندووە لە پاشای عەجەمەکان، ژمارەیەك لە جوولەکەکان لە دەوری کۆبوونەتەوە و لە چیای حەبتون[25]، توانیویانە رووبەرووی نەسرانیەکانی ئەوێ ببنەوە و و دەستیان بەسەر دا بگرن و لەوێ دەریان بکەن، ئیدی بیرۆکەکانی لە نێو جوولەکەکان برەوی سەند، تەنانەت بانگەوازەکەی پاڵپشت دەکرد بە بەڵگەی بێ بنەما، وەکو ئەوەی ((خودای گەورە دەیەوێ قودستان بۆ فەتح بکات و رزگارتان بکات لەو دوریە)) بەمەش بەشێك لە جوولەکە سادەکان باوەڕیان پێی هێنا بوو وایان دەزانی مەیسحی چاوەروانکراوە (تطیلی، 1945، ص 155؛ مرعی، 2013، ص 78).

کاتێك سوڵتانی عەجەم بەوەی زانی ناردی بە شوێن داود دا و لێی پرسی ئایا تۆ پاشای جوولەکەکانی؟ ئەویش لە وەڵامدا: پێی وت بەڵێ. بۆیە سوڵتان بڕیاری بەند کردنی ئەو و خێزانەکەی دەرکرد، بەوەی بیانخەنە بەندینخانەیەکی گەورە لە شاری تەبرستان، کە لە بەندینخانەیەکی نێو ئاو بەند بکرێت تاوەکو دەمرێت، بەڵام زۆری پێناچێت جارێکی دیکە داود دەردەکەوێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ لای پاشای عەجەم ئەویش لێی دەپرسێت چۆن ئازاد بویت! لە وەڵامدا داود پێی رادەگەیەنێت: بە ژیری و تواناییەکەی خۆی، هاوکات پێی دەڵێت کە لێی ناترسێت و لە دەست پێوەندو وەزیرەکانیشی ناترسێت بۆیە پاشا فەرمان دەکات کە دەستگیری بکەن بەڵام پاسەوانەکان گوێیان لە دەنگی دەبێت و نایبینن، و سوڵتان سەری لەو بارودۆخە سور دەمێنێ! گوێی لە دەنگی دواد دەبێت کە باس لەوە دەکات ئەو لە ڕێگەی خۆی دەڕوات، هەموو لەوێدا دەیبینن کە ئەو شوێنە جێدەهێڵێت، و سوڵتان و دەست و پێوەندەکانیشی بەدوایدا دەڕۆن، دواتر دەبینن کە دواد  بەسەر ئاودا دەڕوا و ڕووبارەکان دەبڕێت. پاشاش داوا دەکات کە برۆنە ئەو بەری ڕووبارەکە بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن. بەڵام لەوێدا پاسەوانەکان نایدۆزنەوە بۆیە بۆیان دەردەکەوێت ئەمە هەمووی فێڵ و سیحر و جادووە کە ئەو خۆی وون دەکات. دواد بەیەك ڕۆژ ماوەی دە ڕۆژە ڕێی بڕیووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئامێدی لەوێش دا جوولەکە شوێنکەوتوەکانی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو باسەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، دوای ئەوەی پاشای عەجەم بۆ خەلیفەی[26] موسڵمانان لە بەغداد دەنێرێت داوای لێدەکات ئەو بارودۆخە چارەسەر بکرێت لە ڕێگەی گەورە و سەردارانی جوولەکە لە بەغداد لە رەئس جالوت و رەئس مسیبە، بۆ ئەوەی بە پێی هەوڵەکانیان کاریگەریان لەسەر داود هەبیت، بە پێچەوانەوە تۆڵە لە تەواوی یەهودیەکانی خاکی عەجەم دەکاتەوە، لەناوچەکەش وەدەریان دەنێن (تطیلی، 1945، ص 156).

بەهۆی ئەمەوەی باسکرا جووەکانی وڵاتی عەجەم لە بارودۆخێکی خراپ دەژیان، داوایان لە سەرکردەکانیان کرد لە بەغداد بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەیان بۆ چارسەر بکەن کە بەهۆی داودەوە توشیان بووە، بەمەش پێشەوایانی جوولەکە کتێبێکیان ئامادەکرد کە تەواوی فرِوفێڵ و بوختانەکانی داودیان ئاشکرا کرد بەوەی (( بۆت روون و ئاشکرا بێت کە هێشتا کاتی هاتنی مەسیحی چاوەروانکراو نەگەیشتووە، و هیچ بەڵگەیەکمان لە بارەی زوو بەدیار کەوتنی لەبەر دەست نیە، تەنانەت ئەم کارە بە توند و تیژی ناکرێت بەڵکو بە ملکەچی بۆ ئەو دەبێت، و داوات لێدەکەین کە بوەستی لەوەی کە دەستت پێکردووە، ئەگەر نا لە کۆمەڵەی بەنی ئیسرائیل دەرتدەکەین و بێبەشت دەکەین)) (تطيلى، 1945، ص 157).

هاوکات دانەیەك لەو کتێبە نێردرا بۆ سەرۆك زەکای و یوسفی گەردوونی کە ناسراو بوو بە بەڵگەی گەردون لە شاری موسڵ، بۆ ئەوەی بینێرن بۆ داودی کوری رۆحی، ئەمانیش نامەکەیان پێگەیاند بەڵام ئەو دەستی لە کارەکەی هەڵنەگرت(تطيلى، 1945، ص 157).

هەروەها کاتێك زەینەدین ئەمیری تۆغرەمینی (سەلجوقی)[27] حوکمی وەرگرت کە لە پێرەوانی پاشای عەجەم بوو، ئەو بیرۆکەی لەناو بردنی دواودی دارشت، کە ناردی بە شوێن خەزووری دواود و دە هەزار دیناری پێدا بۆ ئەوەی زاواکەی بکوژێت، ئەویش چووە ژورەکەی کاتێك دواود لە نێو خەودا بوو لە ژوورەکەی لەوێدا سەری بڕی و کۆتایی بە باس و خواسی ناوبراو هێنا (تطيلى، 1945، ص 157).

بەڵام پاشای عەجەم بەرامبەر بە جوولەکەکانی ناوچەکەی هەر لە تۆلەدا بوو بۆیە ئەوانیش داوایان لە رەئس جالوت کرد ببێت بە نێوەندگیر و کێشەکەی نێوانیان بۆ چارەسەر بکەن، ئەوە بوو ئەوانیش نزیکەی سەد هەزار دیناری زێریان نارد بۆ پاشای عەجەم بەوەی ئەویش لەبەرامبەردا جوولەکەکان بەخشی بەمەش بارودۆخەکە ئارام بوویەوە هاوشێوەی جاران، و لە چیای ئامێدیەوە نزیکەی دە رۆژە ڕێ رووەو رۆژهەڵات دەبڕی و دەگەی بە شاری هەمەدان(تطيلى، 1945، ص 157).

**نۆیەم/ شاری هەمەدان (همذان)** : یەکێکە لە شارە گەورەکانی وڵاتی ماد هەروەك لە تەوراتدا ئاماژەی پێدراوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە بنیامین ناوی ئەکباتانای بۆ ئەو شارە بەکارهێناوە (تطيلى، 1945، ص 158)، لە ڕاستیدا ئەو شارە لە سەرەتادا بەر لە سەردەمی میدییەکان ناوی ئاکاسیا بووە کە لە وشەی کار-کاسیا ی ئاشووری وەرگیراوە، کە بەمانای شاری کاشیەکان دێت، بەڵا دوای ئەوەی لەلایەن شا دیاکۆی میدیەکانەوە دەکرێت بە پایتەخت ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ ئامدان، پاشان لەلایەن ئاشوریەکانەوە ناوەکەی گۆردراوە بۆ ئەکباتانا بە مانای شاری دیاکۆ هاتووە، کەچی لە لایەن نووسەرە موسڵمانەکانەوە (همذان)ی بۆ بەکارهاتووە (الخليل، 2011، ص 38)، لەلایەکی دیکەوە (همذان ) لەناوی (همذان) ی کوری فەلوج کوری سام کوڕی نوحەوە (د.خ) هاتووە

(الحموي،ج 5، ص 410)، هاوکات ئەم شارە بە گەورەترین شاری هەرێمی چیا ناسراوە تەنانەت ئاوهەوایەکی زۆر خۆشی هەبووە (عبدالحق، 1991، ج3، ص 1464)، ئەو شارە پڕ بووە لە باخ و بێستان و کشتوکاڵ و لەوەرزی زستان زۆر سارد بووە (الحميرى، 1990، ص 596)، نزیکەی پەنجا هەزار جوولەکەی تێدا بووە، وە لە کڵێسایەکیان گۆڕی مردخای و ئەستێر[28] هەیە (تطيلى، 1945، ص 158).

**4-هەڵسەنگاندنێك بۆ شارە کوردییەکان بە گوێرەی باسەکانی گەشتنامەکە:**

1- ئەوەی تێبینی دەکرێت باسی شارە کوردییەکان کەم و کوڕی زۆرە. بۆ نموونە لە کاتی باس کردن لە شاری حەڕان، زۆر بە کورتی ئاماژەی بەوە داوە کە شارەکە بەهێز و پتەو بنیاد نراوە، خۆی لەڕاستیدا ئەو ئەگەر سەردانی ئەو شارەی کردبێت زۆر شت هەبوو زۆر ئاواکاری هەبووە دەبوو باسی بکردایە، یاخود کێ سەرکردەی یەهودیەکان بووە لەو شارە، لە لایەکی دیکەشەوە ئایا ئەمانە سەر بە کام گروپەی جوولەکەکان بوونە زۆر شتی تر کە دەکرا ئاماژەی پێ بکردایە.

2- هەندێك لەو شارە کوردییانەی ناوی بردوون، دیاری کردووە ئایا لە تەورات چۆن ناویان هاتووە، بەڵام ئەمەی بۆ هەموو شارەکان نەکرددوە ئەگەر سەیری شاری نەهاوەند بکەین تەنها یەك وشەی باس کردووە ئەویش ئەو شارە کەوتۆتە سەر خاکی (ملاحدە)، کە مەبەستی لەوە بووە ئەو شارە زۆر نزیك بووە لە ناوچەی قوهستان کە لە ژێر دەسەڵاتی گروپی (ملاحیدە) یان (باطنی)ەکان یاخود ئەوانەی سەر بە گرویی حەسەن سەباح بوون.

3- لە هیچ شوێنێك لەشارە کوردییەکان نالێت کە خۆم چووم بۆ ئەو شوێنە یاخود بینیوومە کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە خۆی سەردانی ئەو شارەی کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ ئاماژەیەکی نەداوە کە ئایا ئەو زانیارییانەی لە کێ وەرگرتووە، بۆیە ئێمە ناتوانین پشت راستی ئەوە بکەینەوە کە خۆی سەردانی ئەو شارە کوردیانەی کردبێت. تەنانەت لە باسی شاری ئامێدی کاتێك باسی

ڕووداوی دوادی ڕۆحی دەکات بەهیچ ئاماژەیەك دەرناخات کە ئەو زانیارییەی لە کێ وەرگرتووە، تەنها باسی لەوە کردووە کە بەر لە دە ساڵ ئەو رووداوە لەو شارە روویداوە.

4-زۆر کات باسی دووری نێوان شارەکانی جیاواز لە سەچاوەکانی دیکە کردووە، بۆنموونە هەندێك لەشارە گرنگەکانی وەکو شاری روها و نەسیبینی هیچ ئاماژەیەك بۆ نەکردووە زۆرینەی ناوچەکانیشی بە رۆژە رێ دیاری کردووە .

5- هاوکات زۆرێك لە سەرچاوەکان باسیان لەوە کردووە کە ئاوی خابوور لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی زۆرێك لەو رووبارو سەرچاوە ئاویانەی شاری سەرێکانی دروست دەبێت ، کەچی ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئاوی خابوور لە وڵاتی مادی (ئێران) دوای تێکەڵ بوونی لەگەڵ رووباری غەزوان دروست دەبێت، کە خۆی لەراستیدا ئەوەش جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە.

6- لە زۆرێك لە شارە کوردییەکان باسی کەنیسەی جوولەکەکانی نەکردووە یاخود شوێنە ئایینەکانی جوولەکەکان، بۆ نموونە لە شارێکی وەکو نسێبین کە خۆی دەڵێت نزیکەی دوو هەزار و لە شاری هەمەدان پەنجا هەزار یەهوودی تێدا ژیاوە، ئایا دەکرێت لەو شارە دا کڵێسایەکیان نەبوو بێت، یاخود دەکرێت سەرکردەیەکیان نەبوو بێت، بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکانیان و رێکخستنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عەباسی بەو پێیەی ئەو کاتە ناوچە کوردییەکان هەموویان لە ژێر هەژمونی دەوڵەتی عەباسی دابوون.

7- ئەگەر چی لە باس و خواسی ئەم شارانەدا کەم و کووڕی زۆرە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە، ئەو زانیاریانەی دەربارەی جوولەکەکانی شارە کوردییەکان لە گەشتنامەکەی بنیامین نەبێت، لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە بەردەست ناکەون، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە گەشتنامەکەی بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ مێژووی کوردستان هەژمار دەکرێت .

**5-خشتەی ژمارەی جوولەکەکان بەپێی گەشتنامەکەی بنیامین:**

| ژمارە | ناوی شار | ژمارەی یەهودیەکان | دیارترین سەرکردەیان | ناوی کڵێسا و شوێنە ئایینیەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1- | حەڕان | نزیکەی بیست | - | کڵێسایەکی کۆنی تێدا هەبووە کەلەلایەن عەزراوە دروست کراوە. هەروەها شوێنێکی دیکەی ئایینی هەبووە کە یەکەم ماڵی بنەماڵەی ئیبراهیم پێغەمبەر بووە (سەلامی خوای لێ بێت) |
| 2- | سەرێکانی | نزیکەی دووسەد | - | - |
| 3- | نسێبین | نزیکەی دوو هەزار | - | - |
| 4- | جەزیرەی ئیبن عومەر | نزیکەی چوار هەزار | راهیب مەبحەر و یوسف و حەیە لەو شارە دیار بوونە | کڵێسایەکی تێدا هەبووە لەلایەن عەزرای کاتبەوە دروست کراوە. |
| 5- | موسڵ | نزیکەی حەوتسەد | سەرکردە زەکای و یوسف کە ناسراو بووە بە بەڵگەی گەردوون | کڵێسای عوبەیدی لە بنیاد نانی یونەی کوڕی ئەمتای، هەروەها کڵێسای ناحوم ئالقوشی. |
| 6- | ئامێدی | نزیکەی بیست و پێنج هەزار | - | - |
| 7- | هەمەدان | پەنجا هەزار | یەك کڵێسای ناو هێناوە | - |

**ئەنجام:**

1- بنیامین توتەیلی کەسێکی جوولەکە بووە و هاوشێوەی گەریدەکانی دیکە ڕوووی کردۆتە ناوچەکانی رۆژهەڵات و زۆرێك لەو شتانەی سەرنجی راکێشاوە تۆماری کردوون.

2-ئەوەی کارەکەی ئەو لە تەواوی گەریدەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ناوبراو جەختێکی تایبەتی لەسەر جوولەکەکانی تەواوی ئەو ناوچانەی بۆی ڕۆیشتووە کردۆتەوە.

3- ئەو بە شێوەیەكی زۆر دادپەروەرانە هاتۆتە سەر باسی ناوچەكانی ڕۆژهەڵات، تەنانەت باسی ژیانی جوولەكەكانی شاری بەغدای كردووە، بەوەی ئەوان لەو پەڕی ژیانی خۆشیدا دەژین. ئەگەر چی لە مەڵبەندی دەوڵەتی ئیسلامین.

4-یەكێك لە كارە دیارەكانی كە زادەی فكری ئەو بووە، ئەویش لە كاتی باس كردنی زۆرینەی شارەكاندا ئەوا لەكاتی ناوهێنانی شارەكان هاتووە بەراوردی كردووە لەگەڵ تەوراتدا وەك ئەوەی بەو شێوەیە لەتەوراتدا ناوی هاتووە، بێجگە لەمەش هاتووە ژمارەی جوولەكەكانی شارەكانی دیاری كردووە،سەرباری ئەمانەش سەركردەی جوولەكەكانی لە شوێنەكان خستۆتە بەردیدە.

5-ئەوەی جێگەی سەرنجە ناوبراو بەدەر لە هەموو ئەمانە تیشكی خستۆتە سەر لایەنی جوگرافیا و هەڵكەوتەی شارەكان و لایەنی ئابووری و كۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیش.

---

[1] توتەیلی:ناوی بە چەند جۆرێك هاتووە( تولەیتولە، الطتیلة)، ئەم شارە دەكەوێتە وڵاتی ئەندەلوس و لە ڕۆژهەڵاتی شاری قورتوبەیە. (الحموي، یاقوت، 1995، ج2، ص33؛ الحنبلي، 1991،ج1، ص 264).

[2] نەباری : ناوی بە (نبرة، نباری، هەروەها عەرەبەكانیش پێیان وتووە بنبلونە) هاتووە، شارێكە لە شارەكانی ئەندەلوس و نێوانی لەگەڵ شاری سەرقۆستە سەد و بیست و پێنج میل بووە. (الحمیری، 1980، ص 104).

[3] ئەندەلوس: مەبەست لە وڵاتی ئیسپانیای ئێستایە هەروەك الشاطبی، بە دورگەی ئیسپانیای وتووە دورگەی ئەندەلوس. (2008، ص 58).

[4] عبدالستار مطلك و طاهر حسین: ماوەی 13 ساڵیان بۆ گەشتەكەی خەملاندووە، (2014، ص 40) .

[5] بۆ زیاتر زانیاری بروانەخلیل ابراهیم السامرائی و عبدالواحد ذنون طه و ناطق صالح مطلوب، 2000، تاریخ العرب و حضارتهم فی الاندلس، دار الكتاب الجدید، بیروت.

[6] شاری حەران: ئەم شارە ناوەكەی ڕەنگە بۆ یەكەم كەس بگەڕێتەوە كە ئەم شارەی بنیاد ناوە بەناوی (هاران) بووە، ئەم شارە یەكێك بووە لە شارە هەرە گرنگەكانی هەرێمی جەزیرە، كە كەوتۆتە نێوان شاری موسڵ و ڕۆم. (الهروی، 2002، ص 59؛ الحموی، 1995، ج2، ص 235).

[7] عەزرای كاتب: ئەوەی ڕوونە یەكێكە لە كەسایەتیە دیارەكانی ناو جوولەكەكان لە كۆندا تەنانەت هەندێكیش پێیان وایە كە ئەو عوزێر پێغەمبەر بووە. بۆزیاتر زانیاری بگەڕێوە : (مجموعة من المؤلفین، (2017)، البحث عن عزرا الكاتب التوراة، تنسیق و تقدیم: سعید كفایتی، بیروت.

[8] شاری سەرێكانی(رأس العین) : یەكێكە لە شارەكانی هەرێمی جەزیرە، شارێكی كۆنە و كەوتۆتە نێوان حەران و دونەیسەر و نەسێبین، پێنج فەرسەخ دوورە لە نەسێبین و سەرچاوەی ئاوی زۆرە، ناوێكی تریشی پێ وتراوە ئەویش (عین الوردة) یە. (ابن حوقل، 1938، ج1، ص ص 221،212،210؛ یاقوت الحموی، 1995، ج2، ص 14).

[9] شاری نەسێبین: شارێكی دیكەی هەرێمی جەزیرەیە و كەوتۆتە نێوان موسڵ و شام شەش رۆژە رێ لە موسڵەوە دوورە و كۆتۆتە باكوری شاری سنجار، كە شارێكی گەورە و پر باخات بووە و ئاوی زۆر بووە هەروەها دوپشكی زۆر بووە. (یعقوبی، 2001، ص 204؛ ابن الفقیه،1991، 382).

[10] سەركردە زەكای: زەكای كوری سلێمان حسدای بووە، كە یەكێك بووە لە سەركردەكانی جوولەكە لقی موثیبە لە شاری موسڵ، و برای دانیال بووە سەركردەی جوولەكەكان بووە لە لقی جالوث لە بەغداد. (عزاوي، 1945، ص 127؛ مرعي، 2012،ع 7، ص115).

[11] سەیفەدین غازی كوری قوتبەدین مەودود كوری برای نورەدین مەحمودە، والی شاری موسڵ بووە لە ساڵی 565ك/1170 ز). ( ابن الاثیر، 1993، ج9، ص 353؛ ابو الفداء، د.س.ط، ج3، ص 49).

[12] بەبەراورد لەگەڵ سەرچاوەكانی نزیك لەسەردەمی گەشتەكەی بنیامین زۆر كەم باسی قەڵای هەولێر كراوە. وەكو (ابن عبدالحق، مراصد الطلاع علی الاسماء الامكنة والبقاع؛ هەوروەها الادریسی، نزهة المشتاق فی اختراق الافاق).

13 ناحوم ئالقوشی: پێغەمبەرێكی جوولەكە بووە كە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین دا ژیاوە، یەكێك بووە لەوانەی كە ڕاگوێزراون بۆ وڵاتی ئاشوور، بۆیە بە كۆنترین پێغەمبەری جوولەكە لە عیراق دادەنرێت كە دەگەڕێتەوە بۆ 2600 ساڵ بەر لە ئەمرۆ، ئەوەی زانراوە گۆڕی ئەو پێغەمبەرە لە گوندی قوشە لە نزیك شاری موسڵ بۆیە بێ وتراوە ناحوم ئەلقوشی بە ناوی گوندەكەوە ناوی هاتووە ( سوسة، 2011، ص 36) .

[14] ملاحیدە (بەتانیەكان – حەشیشەكان): ئەمانە گروپێكی بیر باوەڕی سەر بە ئیسماعیلیەكان بوون، لە سەدەكانی شەش و حەوتی كۆچی بەرامبەر دوازدە و سێزدە زایینی، لە شوێنكەوتوانی حەسەنی كوری سەباح بوون، لە سەدەی سێزدەی كۆچی رۆڵیان بەتەواوی بەدیار دەكەوێت، تاوەكو لەسەردەستی هۆلاكۆ بە كۆتا دەهێنرێن.

15 بروانە پەراوێزی ژمارە (١٤).

[16] شاری حەلوان: شارێكی گەورەیە و كەوتۆتە قەراغی چیا كەبەسەر عێراقدا دەروانێت، ڕووبەركەی نیوەی ڕووبەری شاری دینەوەرە، نێوانیشی لەگەڵ چیادا شەش میلە لە عیراقدا لە دوای كوفە و بەسرا و بەغدا هیچ شارێكی دیكە لەرووی ئاوەدانی و بەپیتی و گەورەیی و نزیكی لە چیا ناگات بە شاری حەلوان. (الادریسی، مج2، ص 670).

[17] شاری ئامێدی: قەڵایەكی بە هێزو گەورەیە و لە باكوری شاری مەوسڵ هەڵكەوتووە،لەسەرەتادا ئەم قەڵایە ناوی ئاشب بووە و وێران بووە، و دواتر لە ساڵی 557 ك/ ز عیمادەدین زەنگی بنیادی ناوەتەوە ناوی خۆشی بەسەردا بردووە.

(یاقوت الحموی، 1995، ج4، ص 149؛ البغدادی،1991 ، ج2، ص 959).

[18] قەڵای خفتیان: لە سەرچاوەكان قەڵای خوفتیان بە دوو قەڵا دیاری كراوە كە ڕەنگە مەبەستی بنیامین قەلای خوفتیانی زراری بوو بێت چونكە ئەو باسی ناوچەی شهرەزووری نەكردووە و ڕێگەی بەرە و لای مەراغەی گرتۆتە بەر . كە ئەمانە دوو قەڵای بەرزو گەورە بوون سەر بە شاری (اربل) هەولێر بوون، كە

یەكێكیان بە بەناوی خوفتیانی زراری بووە و لەسەر رێگای مەراغە هەولێر بووە و ئەوەی دیكەشیان لەسەر رێگای شەهرزوور و هەولێر بووە. (البغدادی، 1991، ج1، ص 475).

[19] شەلمناسەر پاشای ئاشور: كە بە سەلمناسەر یاخود شەلمانسەر ناسراوە كوری مەلیكی ئاشوری ناسربالی دووەم بووە و ماوەی حوكمی (858-823 پ.ز) بووە. (علی، 2001، ج2، ص 256).

[20] تەرجوم: شێوە زارێكی ئارامیە كانی ڕۆژهەڵاتە كە تاوەكو ئێستاش جوولەكەكانی كوردستان بەكاری دەهێنن. ئەم شێوە زارەش زیاتر بۆ ڕوونكردنەوەی كتێبی پیرۆزی كۆن بەكارهاتووە. (نخبة من الاساتذة، 2020، ص 33.

21 لێرەدا توتەیلی زۆر بەكورتی ئەو بابەتەی خستۆتەڕوو لەبەر ئەوەی بابەتی باج زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێت بەتایبەت ئەو كە باسی ئەوە دەكات جوولەكەكانی كوردستانیش هاوشێوەی تەواوی ناوچەكانی جیهانی ئیسلامی باج دەدەن، لەبەر ئەوەی لە سیستەمی ئیسلامی ئەهلی كیتاب كرابوون بە سێ بەشەوە دەوڵەمەند و ناوەند و هەژار بەلام ئافرت و منداڵ و پیر باجیان لێ وەرنەدەگیرا تەنانەت ئەوانەش كە زۆر هەژار بوون و نەیاندەتوانی باج بدەن ئەوا دەبەخشران، سەبارەت بە دابەش كاریەكەش دەوڵەمەندەكان دەبوو چوار دینار بدەن و ناوەندەكانیش 2 و دینار و هەژارەكانیش بەلام كە تواناى دانى بەجیان هەبوو دەبوو دینارێك بدەن، وا دیارە بنیامین تەنیا باسی هەژارەكانی كردووە چونكە بەتەواوی ئەو بابەتەی ڕوون نەكردۆتەوە. (التطیلی، 1945، ص 154).

[22] مورابتی: جۆرێكی پارەی وڵاتی ئیسپانیایە كە بە ( Maradevi ) ناسراوە رەنگە ناوەكەشی هەر لەو پارە زێرەوە هاتبێت كە لە لایەن دەولەتی مورابیتیەوە دەردەكرا (https://en.wikipedia.org/wiki/Maraved%C3%AD) .

[23] رەئس جالوت: وەرگێڕدراوێكی عەرەبیە بەرامبەر بە دەستەواژەی ئارامی (ریشی جالوتا)، كە خۆی لە زمانی عیبری بە (ریش جولاتا) هاتووە، ئەمەش نازناوێكە درا بوو بە سەركردەی یەهودیەكان لە پێش ئیسلام و دواتریش كاتێك بنیامین سەردانی عیراقی كردووە ئەو پۆستە دراوە بە راهیب دانیال كوری حەسدای، دیارە ئەو بۆستەش بۆ ماوەیی بووە كە هەریەك لە دوای خۆی دەدرا بە كورەكانی . (المیسری، د.س.ط، مج4، ص 61؛ سوسە، 2011، ص 196).

[24] تلمود: یەكێكە لە دیارترین گروپەكانی جوولەكەكانی كەلای ئەوان وایە تەورات كتێبێكی داخراوە. (الربیعی ، 2017، ص 80).

[25] چیای حەبتون: ئەو چیایە چیایەكی بەهێزە و كەوتۆتە دەوروبەری شاری موسڵ. (البغدادی، 1991، ص 375).

[26] دەوترێ سوڵتانی سەلجوقی سەنقەر كوری مەودود بۆ خەلیفەی عەباسی ئەلموتەقی لیئەمری الله (530-555ھ / 1136-1161م) ی نوسیووە و دەربارەی داوی روحی ئاگاداری كردۆتەوە. (مرعی، 2014 ،ص 131).

[27] زەینەدین عەلی: ئەو زەینەدین عەلی كوری بەكتەكینی توركمانی حاكمی شاری هەولێر بووە، ماوەی حوكمی لە نێوانی ( 539-563ك/ 1144-1163ز) بووە، لەبەر ئەوەی شاری ئامێدیش بەشێك بووە لە هەولێر لەرووی كارگێریەوە بۆیە بیامین ناوی ئەوی بردووە. (ابن الاثیر، 1997، ج9، ص 476؛ ابن المستوفی، 1980، ج2، ص 63؛ الحموي، 1957، ج1، ص 131).

[28] مردخای و ئەستیر: لە شاری هەمەدان گومەزێك هەبووە كە ناسراو بووە بە گومەزی مردخای و كچە ئامۆزاكەی شاژن ئەستیر، شاژن خێزانی پاشا ئوحوشیوروشی فارس بووە ، دیارە ئەمانە بەهۆی هێرشەكەی نەبوخزنەسەر كەوتونەتە ئیران، بە پێی وتەكانی كتێبی (العهد القدیم) بێت ئەو ئافرەتە یەهودیە دوای ئەوەی بە پلانی یەكێك لە سەركردەكانی فارس دەزانێت كە دایناوە بەمەبستی لەناو بردنی یەهودیەكانی ئەوێ، ئەویش لەرێگەی هاندانی هاوسەرەكەیەوە رێگر دەبێت لەو كارە بۆیە یەهودیەكان بە رزگاركەری خۆیانی دادەنێن. تاوەكو ئێستاش ئەو گومەزرە ماوەتەوە . (ص ص 581، 582، 583… 589).

## سەرچاوەكان:


- العهد القدیم.

**سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:**

- الادریسی، (1988)، نزهة المشتاق فی اختراق الافاق، عالم الكتب، بیروت.
- الاصطخری، (2004) ، المسالك والممالك، تحقیق: محمد جابر عبدالعال الحسني، مراجعة: محمد شفیق غربال دار صادر، بیروت.
- خرداذبة، ابن،(1989)، المسالك والممالك، دار صادر افیدست لیدن، بیروت.
- البغدادی، ابن عبدالحق، (1991)، مراصد الاطلاع علی الامكنة والبقاع، ، دار الجیل، بیروت.
- بطوطة، ابن، (2012)، رحلة ابن بطوطة، دار الشرق العربی، بیروت.
- الحموی، یاقوت، (1995)، معجم البلدان، الطبعة الثانیة ، دار صادر، بیروت.
- الحمیری، (1990)، روض المعطار فی خبر من الاقطار، الطبعة الثانیة، دار الناصر للثقافة، بیروت.
-جبیر، ابن، (2014)، رحلة ابن جبیر" درا ومكتبة هلال، بیروت.
- الشاطبی، (2008)، انساب الاخبار وتذكیرة من الاخیار، بنشریفة ،دار ابی رقاق للطبعة والنشر.

الفارقي، (1974) تاریخ الفارقی، تحقیق و تقدیم بدوی عبداللطیف عوض، دار الكتب اللبنانی، الطبعة الثانیة، بیروت.
- الفداء، (د.س.ط)، المختصر فی تاریخ البشر، المطبعة الحسینیة المصریة، مصر.
-المقدسی، (1991)، احسن التقاسیم فی معرفة الاقالیم، مكتبة مدبولی ، القاهرة.
- الفقیه، ابن، (1991)، البلدان، عالم الكتب، بیروت.
-الماوردی، (2006)، احكام السلطانیة، تحقیق: احمد جاد، دار الحدیث، القاهرة.
- المستوفی، ابن، (1980)، تاریخ اربل، دار الرشید للنشر، العراق.

- المغربى، ، (1989)، بذل المجهود فى افحام اليهود، ع.طويلة، دار القلم للنشر ، ديمشق.
- المهلبى، (1995)، المسالك والممالك، تحقيق تيسير خلف، دار صادر ، بيروت.
المنجم، (1987)، اكام المرجان فى ذكر المدائن المشهورة فى كل المكان، عالم الكتب، بيروت.
- الهروى، (2002)، الاشارات الى المعرفة الزيارات، المركز الثقافة الدينية، القاهرة.
- تطيلى، بنيامين، (1945)، رحلة بنيامين تطيلى، ترجمة عزرا حداد، شرح و مقدمة عباس العزاوى، المطبعة الشرقية، بغداد.
- تطيلى، بنيامين، (2002)، رجلة بنيامين تطيلى، مجمع الثقافى، الامارات.
- حوقل، ابن، (1938)، افيديست، ليدن، دار صادر ، بيروت.
- خلدون، ابن، (1988)، تاريخ ابن خلدون، خليل الشحادة، دار الفكر ، بيروت.
- الواصل، ابن، (1957)، مفرج الكروب فى أخبار بنى الايوب، جمال الدين الشيال، دار الكتب والوثائق القومية، المطبعة الاميرية، القاهرة.
- يعقوبى، (2001)، البلدان، دار صادر، بيروت.

**ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی:**

- براور و پاتاى ، اريك، رافائيل، (2002)، يهود كردستان، ترجمة: شاخوان كركوكى و عبدالرزاق بوتانى، دار اراس، اربيل.
-جلو، خضر،( 2017)، اليهود فى المشرق الاسلامى، صفحات للدراسات والنشر، دبى.
- الخليل, احمد، (2011)، مملكة ميديا، مطبعة روژهەلات، مؤسسة موكريانى، اربيل.
- الزعفرانى، حاييم، (2000) ، يهود المغرب والاندلوس، ترجمة: احمد شحلان، مرسم الرباط، السعودية.
- الربيعى، نبيل، (2017)، تاريخ يهود العراق 859 ق .م -1973م، دار الرافدين للطباعة والنشر، لبنان.
سوسة، احمد، (2011)، ملامح من تاريخ القديم اليهود العراق، مؤسسة العربية لدراسات والنشر، بيروت.
-عدو، بناز،( 2012)، اهل الذمة فى بلاد الكرد خلال العصر العباسى، مطبعة رۆژهەلات ، مؤسسة موكريانى للبحوث والنشر، اربيل.
- العلى، جواد، (2001)، مفصل فى تاريخ العرب قبل الاسلام، دار الساقى، بيروت.
- الميسري ، عبدالوهاب، (د.س.ط)، موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية، دار الشرق ، مج 4، القاهرة.
- مجموعة من المؤلفين، (2017)، البحث عن عزرا الكاتب التوراة، تنسيق و تقديم: سعيد كفايتى، بيروت.
- مرعى، فرست، (2013)، فصول من تاريخ يهود كوردستان، مطبعة محافظة دهوك، دهوك.
- مولا، على، (2009)، موسوعة العربية الميسرة، مكتبة العصرية، بيروت.
- نخبة من الاساتذة، (2020)، قاموس الكتاب المقدسة، ادارة الكنوز القبطية، د.م.ط.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

ADLER, E. N. (1930). Jewsh Travlers. Londen: George Routledege, sons, LTD.
David, A. (2013). Jewish Travelers from Eorup to the East 12-15 ceturies. Jurshalem: Meath, Herbow.
Roth, Cecil, (2001), BENJAMIN (Ben Jonah) OF TUDELA, Encaclopedya Judaica, seconde edition, volume 3, Jerusalim
Tudela, binjamin, (1965), The Itinerary of Rabbi Benjamin of Tudela, translated and edited by A. Asher, VOL 1, akesheth" Publishing Co., New York.

**توێژینەوەکانی نێو گۆڤارە زانستیەکان:**

- البدوي، امنه سليمان، (2014)، الرحالة الأندلسيون والمغاربة ورحلاتهم من (ق3هـ ـ ق9هـ)، مجلة دراسات في العلوم الانسانية والاجتماعية، مجلد 41، عدد 2، . بغداد.
- برهان، صفاء، يهود الشرق فى رحلة بنيامين التطيلى، مجلة كلية العلوم الاسلامية، كلية العلوم الاسلامية، العدد 51، بغداد.
- محمودي، محمد، (2016)، احوال اليهود في المشرق الاسلامي من خلال رحلة بنيامين التطيلي فى القرن (6ھ/ 12م)، مجلة الحكمة للدراسات التاريخية، العدد 21، الجزائر.
- مرعى ، فرست (2012)، ادعياء اليهود للمسيحيانية فى العصر الاسلامى – حركة داود الروحى نموذجا، مجلة التربية الاساسية/ جامعة بابل، العدد 7، بابل.
- مطلك و حسن، عبدالستار و طاهر، (2014)، اوضاع يهود الدولة الفاطمية من خلال رحلة بنيامين الطتيلي، مجلة جامعة الانبار، عدد (1)، الانبار.

**پاشکۆ:**

**پاشکۆی ژمارە (1)**




کاری لێکۆڵەر

**پاشکۆی ژمارە (2)**



1 שָׁם מֵרוֹב חִבָּתָם מִיְּחֶזְקֵאל הַנָּבִיא עָלָיו
הַשָּׁלוֹם וְקוֹרִין שְׁמוֹ דַּר מְלִיחָא וְכָל בְּנֵי
עֲרָב בָּאִים שָׁם לְהִתְפַּלֵּל וְשָׁם סָמוּךְ
לַכְּנֶסֶת כַּחֲצִי מִיל קִבְרֵי חֲנַנְיָה מִישָׁאֵל
וַעֲזַרְיָה · וְעַל כָּל־קֶבֶר וְקֶבֶר כִּפָּה גְדוֹלָה
וְשַׁעַר הַחִירוּם אֵין אָדָם בָּעוֹלָם נוֹגֵעַ
בְּקִבְרוֹ*) שֶׁל יְחֶזְקֵאל עָלָיו הַשָּׁלוֹם לְרָעָה
לֹא בְּיִשְׁמְעֵאלִים וְלֹא בִּיהוּדִים וּמִשָּׁם
שְׁלֹשָׁה מִילִין לְעִיר אַל קוֹצוֹנָאַת וּבָהּ כְּמוֹ
שְׁלֹשׁ מֵאוֹת יְהוּדִים וְשָׁם קֶבֶר רַב פַּפָּא
2 וְרַב הוּנָא וְרַבִּי יוֹסֵף סִינַי וְרַב יוֹסֵף בַּר
חָמָא וְלִפְנֵי כָּל אֶחָד וְאֶחָד כְּנֶסֶת
וּמִתְפַּלְלִין שָׁם יִשְׂרָאֵל בְּכָל־יוֹם וּמִשָּׁם
לְעֵין שַׁפַּתָּה שָׁלֹשׁ פַּרְסָאוֹת וְשָׁם קֶבֶר
נַחוּם הָאֶלְקוֹשִׁי הַנָּבִיא עָלָיו הַשָּׁלוֹם ·
וּמִשָּׁם לִכְפַר לְפַרְס יוֹם וְשָׁם קֶבֶר רַבִּי
חִסְדָּאִי וְרַבִּי עֲקִיבָה וְרַבִּי דוֹסָא ׀ וּמִשָּׁם
חֲצִי יוֹם לִכְפַר מֵהַמִּדְבָּר וְשָׁם [קֶבֶר] רַבִּי דָּוִד
וְרַבִּי יְהוּדָה וְרַבִּי קוּבְרֵידָה וְרַבִּי סְחוֹרָא
וְרַבִּי אַבָּא ׀ וּמִשָּׁם יוֹם לִנְהַר לֵיגָא וְשָׁם

*) C. בעבורו

**وێنەیەك لە گەشتنامەكە بە زمانی عیبری** (Tudela, 1965, p.185).

**كورد والكوردستان من خلال رحلة بنيامين التطيلى**

**دراسة تحليلية مقارنة**

**شرمين كريم عبدالرحمان**

جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ

Sharmen.abdulrahman @su.edu.krd

**ملخص**

بنيامين التطيلي هو احد حاخامات اليهود، قام برحلة الغرض منها، هو زيارة المناطق الشرقية، فى هذا الوقت من العالم الشرق فى ظل الدولة العباسية، وتحديدا في مدة الحكم الخليفه العباسى المتقى لأمر الله الذي امتدت مرحلة حكمه بين سنوات (530-555هـ/ 1136-1161م). استمرت رحلة التطيلي رحلته ثماني سنوات، حاول أن يدون كل ما شاهده عند قومه اليهود في الشرق، بخاصة اعدادهم و رؤسائهم و واحوالهم بالشرق بحسب المناطق التى زارها، ومع ذلك فإن الواضح مما دون في كتاب الرحلة أن الجغرافيه الوصفة، تبين بشكل الواضح، بسبب ما قصه عن المناطق التي شاهدها، وعلى الرغم من ذلك، فهناك تدوين للاحداث التي وقعت قبل رحلته للمناطق بكوردستان، خاصة منطقة العمادية، ولاسيما قصة لداوود الروحى، التي بانت واضحة فى الرحلة. وهو ما اعطت معلومات عن جميع مناطق كوردستان، على الرغم من وجود عدد كبير من اليهود عند زيارته لها، مثل منطقة الرها قرب مدينة نصيبين ، ومدينة ميافارقين و آمد ذات الكنائس اليهودية ، ومع ذلك فإن رحلة بنيامين، هي احدى الرحلات المهمة جدا بالنسبة لكوردستان؛ لانه احتوت معلومات مهمة لم تذكرها غيرها من المصادر.

اما فيما يخص محتوى البحث، فقد جاء فيه ثلاث محاور. الاول: حياة بنيامين التطيلى، و مسير الرحلته و السبب الغرض من الرحلة و الثاني: منهجية التطيلى فى كتابة رحلته وهذا اشارت الى التفريق الرحلة ومنهجية الكتابة و أهمية الكتاب وبيان عدد ترجماته، والمحور الثالث: المناطق الكوردية فى رحلة بنيامين التطيلى، ولاسيما مدينة حرا و نهاوند و العمادية و همذان و نصيبين.

**كلمات الافتتاحية:** رحلة، الكورد والكوردستان، اليهودية، رأس الجالوت.

**The Kurds and Kurdistan through the Benjamin of Tudelas book**
**Analytical and comparative study**

**Sharmen Kareem Abdulrahman**
Department of History - College of Arts / Salahaddin University-Erbil
sharmen.abdulrahman@su.edu.krd

**Abstract**

Benjamin of Tuedla is one of the Jewish rabbinic, for the purpose of the trip he visited the eastern regions, at this time the eastern world was in the shadow of the Abbasid state, especially his trip was during the rule of the Abbasid Caliph pious to Amr Allah (530-555 AH / 1136-1161 AD), in the extent of his journey that It lasted eight years, he tried to write everything about the Jews in the East, especially the number of the Jews and their leaders, and the condition of the Jews in the East in all the areas he visited, and with that which is clear in the book that the descriptive geography shows clearly, when he talks about the areas he saw. Despite this, he wrote down the events that arose before his trip to the regions of Kurdistan, especially the Amadiyah region, and the subject matter of Daoud Al-Ruhi, which is clear in the trip. It is what gave information about all the regions of Kurdistan, even though there were a large number of Jews among them at the time, such as the region of Al-Raha, which is located on the city of Nusaybin, and the city of Mayafariqin, in which he provided churches for the Jews. It is found in other sources, as for the content of the research, and it contained three axes: the first task, the life of Benjamin Al-Tulli, the itinerary of his journey, the reason, the purpose of the trip, and the second axis: Al-Tatili's methodology in writing his journey. And after that, in the third axis: the Kurdish regions in the journey of Benjamin of tudela, especially the cities of Harra, Nahawand, Amadiyah, Hamadan and Nusaybin**....**

**Keywords**: Itinerary, Kurd and Kurdistan, Jewish, Raas Jalut.